پەروەردەو.... پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون

بەشی هەشتەم
هەرچەندە ئەو پسپۆڕانە کە پەروەردەناسن روانین و پێوانەکانیان زۆر پێشکەوتووەو، دەکرێت بە بەراورد لەتەك كۆمەڵگادا کە خەم و خولیای سەرەکی خۆی نەکردووە بە بابەتی گۆڕان و چاکسازی لەبواری پەروەردەدا، زۆر لەپێشتر بن و رۆڵی پێشەنگ ببینن بە حوکمی شارەزابوون و ئەزموونی پڕیان، لە سادەترین بڕیارەوە سەبارەت بە کڕینی جۆری ئەو زەیت و بۆیەی کە پسپۆڕەکان بۆ وێنەکێشان بڕیاری لەسەر دەدەن تا دەگات بەجۆری ئەو تۆپانەی بۆ باسکەو فتبۆڵێن دەیکڕن، یان کۆی ئەو بەرنامەو پرۆگرامەی خوێندن بۆ هەر قۆناغێك و دیزاینی قوتابخانەکان و فەلسەفەی پەروەردە...هتد.
هەر هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی چەند کەسێکەوە کە دەکرێت بەژمارە کەمبن، بەڵام ئەزموون و لێزانیان جێی گومان نییەو، هەر هەموو خەڵکی پێکەوە رێز لە بڕیارەکانیان دەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەموومان هەتا بەوانەشەوە کە پسپۆڕ و شارەزا نین و ئەندامی ئەم کۆمەڵگایەن، دەکرێت بەشێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی ئەوە بەخۆمان رەوا ببینین، چ تاك تاكەو چ بە گروپ گرپ لێرەو لەوێندەرێ، قسەمان هەبێت لەسەر ئەوەی چی کاریگەرەو، چی دەبێتە مایەی پتر بەگەڕخستنی هەموو تواناکان و خێراکردنی رەوتی گۆڕانی کۆی سیستمی پەروەردە بەرەو ئاقاری دڵنیایی و مسۆگەرکردنی داهاتووی هەر هەموو نەتەوە کە پەروەردە تیایدا رۆڵی یەکەم دەبینێت لەو دڵنیابوونە لە ئایندەمان لەسەر ئاستی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەر ئەمجۆرە هەوڵەبوو دوای جەنگی جیهانی دووەم کە هەموو نەتەوەکانی ئاوروپای خستەوە سەر رەوڕەوەی پێشکەوتنی شارستانییەت، هەر هەموو هەوڵی گۆڕان و بڕیاردان لەسەر جێگیرکردنی(بەها بنەڕەتییەکان) رووەو کامڵبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی دەمانبات کە ئەویش دروستکردنی مرۆڤێکە چەکدار بەهەموو هێزە رۆحی و فیکری و مادییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرهەموو ئەو رەفتارە کریت و دزێوانەی کۆمەڵگا ناشیرین دەکات.
دروستکردنی مرۆڤێکی رەخنەگرو ئازاو گومانکارو زاروسەر پڕ لە پرسیارە دەستڕەنگین لەکارو پیشەدا، رەوشتەبەرزو پەیوەست بە بەهاو مۆڕاڵی مرۆیی و نەتەوەیی، جەنگاوەر بۆ سەرخستنی خێرو جوانی و هەق، چونکە بێ رەچاوکردن ئەخلاق لە پەروەردەدا هەر هەموو فەلسەفەو ئامانجە پیرۆزەکان بەتاڵ دەبنەوە، خودی زانستەکان بەبێ مۆڕاڵ کە داشۆراو بێ لەرۆحی هیومانیزم- مرۆڤپەروەری- کاولکاری و خوێن و فرمێسك بەدوای خۆیەوە دەهێنێت، دەقاودەق وەك دۆزی هەنووکەی عێراق و کوردستان کە نوقمی گەندەڵییە لە هەموو بوارەکاندا، جیهانێکە بێ مۆڕاڵ.
چ سیاسەت و دوکان و بازاڕو زانست و ئەدەب و هونەرو پیشەیەك سەرقاڵی کردووین کە تەنیا لەسەر ئاستی تاکەکەسەکاندا، لێرەو لەوێداو بەژمارەیەکی کەم رەوشتپارێزین، وەکی دیکە دەنێو هەموو گۆڕەپانەکانی ژیان و زیندەگیدا هەقە بایی ئەوەندە ئازا بین و دانی پێدا بنێین کە ئەوەی هەیە خراپ و ناچیزەو روو لە هەڵدێرە، ئەوەش دەرئەنجامی پەروەردەیەکی بێ مۆڕاڵ بووەو نوقم لە شۆڤێنیزم و رۆحی رەگەز پەرستانەی پان-عەرەبیزم کە تاهەنووکەش بەرمێنەو مێژووەکەشی لەنیوە سەدە پترە.
نوشوستی دەسەڵاتی کوردیش لەوەدا بوو کە لەو حەڤدە ساڵەی تێپەڕی نەیتوانی رابوون و هەستانەوەیەك لەبەرانبەر رۆحی دەسەڵاتخوازانەی داگیرکەردا بەرپا بکات، دیارە بۆ ئەوەش باشترین مۆڵگە دەزگای پەروەردە بوو.
پەروەردە هەرگیز دابڕ نییە لە کۆی ئەو جم وجوڵەو بزافە رامیاری و کۆمەڵایەتییە، خودی دەزگای پەروەردە بناغەیەکە بۆ کارکردن لەسەر دروستکردنی مرۆڤی جوانپەرست و ئاشتیخوازو خۆناس و دنیاناس و ژینگە پارێزو ژیاندۆست.. پەروەردە وا دەکات لەپاڵ خۆشویستنی خەڵك و خاکی خۆت، جیهانیش بەماڵی خۆت بزانیت.
دامەزراندنی پسپۆڕەکان کە خاوەنی توانا و بەهرەو ئەزموونی دەوڵەمەندن، سەرباری ئاگاداربوون لە فیکردو رێبازە تازەکانی پەروەردەو فێرکردن، ئاگادار لە ئامانجەکان و کارکردن بۆ دۆزینەوەی رێگا

چارە بۆ گەیشتن بە خەون و خۆزگەکانی پەروەردەو نموونەی بالا، جیاکردنەوەی بەها کۆن و دارزیوەکانی ناو کۆمەڵگاو هێشتنەوەی ئەو بەهایانەی کە جوانن، قەرزکردنی بەها هەرە شارستانییەکانی کۆمەڵگاکانی دیکەو موتوربەکردنی بەوانەی خۆمان گەڕان و ماندووبوونی گەرەکە، تەنیا لەبواری پەروەردەدا هەر کارێك کە ئەمڕۆ دەیکەین و هەر بڕیارو گۆڕانێك ئاکامەکانی و چنینەوەی خێرو بێرەکەی دوور مەودایەو بێ نەخشە و ستراتیژێکی درێژخایەن مەحاڵە، زۆرجار بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکان و نموونە بالاکان نیو سەدەی گەرەکە، نموونەی ئەم هەوڵ و گۆڕانانەو چاوەڕێکردنی دوورمەودا لە ئاوروپاو ولاتانی ئەسکەندەنافی و خودی ئەمریکا لەنیو سەدەی رابردوودا تا هەنووکە بەرجەستەیەو هەر بەردەوامە بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دوومەوە، هەمانشت سەبارەت بە گۆڕانی سیستمی پەروەردە لەولاتانی ئاوروپای رۆژهەلات لەدوای روخانی بلۆکی سۆشیالیزم، جگە لە ئەزموونی زیندووی ژاپۆن و چین و چەند ولاتێکی ئاسیاوی و ئەفریقی، یەکێتی ئاوروپاش لەدوا راپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە رەوشی پەروەردە لەخۆ ئامادەکردنێکی گەورەدایە بۆ خۆگونجاندن لەتەك ئەگەرو کێبەرکێ و رکەبەرییەکانی سەدەی بیست و یەك، بەتایبەتی ئەوان هەرگیز ترس و دڵەڕاوکێی خۆیان لەمەڕ کێشەکانی ژینگەپارێزی و ئاشتیخوازی و نەهێشتنی رۆحی توندوتیژی و مانەوەی میراتی رۆحی و فیکری پیاوسالاری نەشارنەوەو لەسەر تۆپی ئەو خەم و گرفتانەیە کە گەرەکیانە پێکەوە بەرەنگاری ببنەوە، کە بۆ ئەوان قۆناغی گواستنەوەو پەڕینەوەیە بۆ دروستکردنی جیهانێکی پاك و تەمیزو پڕ لە خۆشگوزەرانی و ئاسایش بۆ نەوەکانی ئایندە، ئەرکی مرۆڤپەروەرانەو رەوشتپارێزی پەروەردە کارکردنە بۆ بەخشینی جیهانێکی باشترو جوانتر لەوەی کە هەمانەو مسۆگەرکردنی ئایندەیە بەهەموو پێداویستییە رۆحی و مادییەکان کە نەوەکانی داهاتوو لێیان بەهرەمەند بن.

مادامەکێ کارەکتەری سەرەکی لە پۆلەکاندا تا هەنووکەش، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی خوێندنی بالا مامۆستایەو هەر خودی ئەو کارەکتەرە بەگەڕانەوە بۆ ئیدیۆمە کلاسیکییەکە (سەردارو ئاغای هەڵوێست و بڕیارەکانە لە پۆلەکاندا) لەم دۆخەدا کە مامۆستا وتاربێژەو هەموو- شت-زانەو کەمترین بواری رۆحی لیبراڵی و دیمۆکراسی لەپۆلەکاندا پەیڕەو دەکرێت، دیالۆگ و گفتوگۆی ئازادو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە نزمترین ئاستدایە، زەبرو زەنگ و ترساندن لە چڵەپۆپەدایە، داهێنان و تەقاندنەوەی خەیاڵ و بەهرەو توانا شاراوەکان مردووەو کۆپیکردنو ئەزبەرکردنی بڕێکی زۆری زانیاری بێ تێگەیشتن و لایەنی پراکتیکی بەرکەماڵە، لەهەمووی گرانترو هەستیارتر گواستنەوەی مۆڕاڵ و بەها بالاو بنەڕەتییەکانە، بەگەڕانەوە بۆ روانینێکی هاوچەرخانە کە ناکۆکە بەو دۆخەی لەسەرەوە باسمانکرد، قوتابی دەکات بە سەنتەری هەر هەموو کارو چالاکییە پەروەردەییەکان، چونکە هەر هەموو هەوڵەکان لەخزمەتکردنی ئەودایە بۆ گەشەکردن و فێربوون، زۆر پێویستە ئەو دیدگایە(بەناوەندەکردنی قوتابی) کە لەجیهانی پێشکەوتوودا برەوی هەیە، لای ئێمەش رەچاو بکرێت، چونکە لەمیانەی نیوسەدە پتر لەم ولاتەدا قوتابی ببووە بۆقێکی ناو تاقیگاکان و گەمەمان لەسەر کردووە، گەمەیەکی رەمەکی و نازانستی و ناپەروەردەیی، لە چ سەردەمێکداو لەکام قۆناغی فەرمانڕەوایی عێراقدا مێژووی ملهوڕی و شێتبوونی خۆی دووبارە نەکردووەتەوە، هیچ دەزگایەکمان نییە کە ئەم دۆخە نالەبارەی پێ بگۆڕین جگە لە دەزگای پەروەردە، بۆ ئەوەش مەرجی یەکەم کارکردنە بۆ بەختەوەربوونی قوتابی، چونکە بێ ئاسوودەگی پەروەردەو فێرکردن مەحاڵە، هەر بۆیە ناچارین واز لە رۆحی دەسەلاتخوازی بێنین دەنێو پەروەردەدا کە کەسێك بەرهەم دێنێت تا ئەندازەی نەخۆشی و شێتی دەکەوێتە ناو تۆڕی دەسەلاتپەرستی کەتیایدا مرۆڤەکان هەم (سادی)ین و هەم (ماسۆشی)، بەواتا تا ئەوپەڕی چێژ لە ئازاردانی بەرانبەرەکانی دەکات، بەتایبەتی کەسانی بندەست، لە هەمانکاتدا ئەوەندە(ماسۆشی)یە کە لەزەت لەوە دەکات ئازار بدرێت، مەکتەب یەکێکە لەو کارگانەی کە ئەم چەشنە بوونەوەرە دروست دەکات، دەنا پانتایی ئەو هەموو دڵڕەقی و زەبرو زەنگ و کینەو رق و تۆڵەیە چییە لەولاتی ئێمەدا، کە دەکرێت بڵێین ئەوەیان میرات و مێژووی ماڵەکان و مەکتەبەکان و

مزگەوتەکان و حیزبەکان و سەربازخانەکان و هەر هەموو خانە خراپەکانی دیکە بوو، وازهێنان لەو رۆحە دکتاتۆرییە کە لە رۆژهەڵاتدا مێژوومانی داگیرکردووە کاری ئەو و رۆژێك نییە، بەتایبەتی لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کە بە هەزارەها دکتاتۆری گەورەو بچوکی دەنێو خانەوادەکان و قوتابخانەکاندا بەخێوکردو فرێیانیدایە ناو ژیان، مێژووی رۆژئاواو پەڕینەوەو تێپەڕاندنی قۆناغی دکتاتۆری و تۆتالیتارنیزم و گەیشتن بەرۆحی لیبراڵیزم و رێزگرتن لە ئازادی تاکە کەسەکان لەسەر تەختەی قوتابخانەکانەوە دەستی پێکرد، لەسادەترین راپرسی و شیکاری دەروونی کەسمان دەرناچین بەساغی، لەکارگەکانی سیاسەت و ئایین بڕوانەو بزانە چ بەرهەمێکەو چ سیناریۆیەکی رەش و تاریك لەسەر دەستی کارەکتەرەکانی بەڕێوە دەچێت، لێرەو هەنووکە، دەنێو کەلتورێکی واداخراو و زۆر بەرێز لەرووکەشدا، ریاکار لەرۆح و گەوهەردا، مەحاڵە کەس ئازایەتی ئەوەی هەبێت دان بەوەدا بنێت کە ناتەندروستە، چ لەرووی رۆحی و چ لەرووی عەقڵییەوە بێت، بەپێچەوانەی هەندێك میللەتی دیکەوە کە رۆحی شارستانییەت فێری کردوون ئەندامەکانیان لەو دانپێدانانە شەرم نەکەن، بۆ ئەوەش سەرزەمین و کەلتوورو فەرهەنگێکی کراوە رۆڵی هەیە.
لەمانگی گەلاوێژو لەساڵی 2006دا بەختی ئەوەم هەبوو کە لەشاری(کاردیف) و لەشانشینی(وەیڵز)ی بەریتانیا هەفتەیەك لە وردەکارییەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ورد ببمەوە، لەباخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی بەر لە چوونە زانکۆ، دیارە لەوێندەرێ باخچەی ساوایان و سەرەتایی پێکەوەن، بەڵام بەرنامەو پرۆگرامیان جیاوازە، ئەوەی کە سەرنجی راکێشام دیزاینی قوتابخانەکان بوو کە بەگوێرەی قۆناغەکان هەر هەموو پێداویستییەکانی ئامادەبوون، پانتایی سەوزایی گەورەترە لە ساختمانی قوتابخانەکان، هەر هەموو مامۆستاکان بەچیچکانەوە لەگەڵ منداڵەکان دەدوان، ئاسوودەگی هەر هەمووان داخوازی یەکەم بوو، لەو تەمەنە ساوایانەوە چاودێری حەزو خۆزگەکانیان دەکەن، تا بزانن لەداهاتوودا چ کاروپیشەیەکیان بۆشیاوە.
گەمەو خۆشی و مۆسیقاو رەسم و گەشت و خەیاڵپەروەری و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون بابەتی یەکەمی پەروەردەو فێرکردن بوو...
دەیەها دۆخ کەمایەی سەرسامی بوو بۆ من، لەهەمووی سەرنج راکێشتر هاتنی خانمێکی بەتەمەن بوو وەك دەروونناسێك، بەتەمەن و بەئەزموون، بەڕێوەبەرەکە تێیگەیاندنم کە ئەو خانمە بەرپرسە لە تەندروستی باری دەروونی هەموومان، لەتەك گروپێك کە ئەم پێشڕەوییان دەکات، ماوەیەکی درێژ لەتەك دەستەی کارگێڕی و ستافی مامۆستایان و قوتابیاندا دەژی تا ئەرکەکانی خۆی تەواو دەکات، بۆمن جێگەی سەرنج بوو کە یەکەمین کەس بەر تاقیکردنەوەی سەلامەتی دەروونی دەکەوت خودی بەڕێوەبەرکە بوو، بەڕێوەبەرکە بەخەندەوە خۆشحاڵی خۆی لەوە دەربڕی کە ئەگەر دەرکەوت لەرووی رەوانییەوە نەخۆشە، ئەوە نەك بۆ قوتابخانەکەی، بەڵکو بۆ ماڵ و منداڵەکانیشی عاقڵی دەکەنەوە، بەواتا بێباکانە ئامادەبوو کە دەروونناسەکە ناساغی ئەو بسەلمێنێت، راپرسییەکەش بۆ گەیشتن بە ساغی و یان خراپی دەروون شێوەی پرسیار و وەڵام و فۆرم پڕکردنەوەو دیدارو قسەکردن بوو، لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە بەڕێوەبەرەکە پەیوەندی مرۆیی و پەروەردەیی پیرۆزیی بە پیرۆزکردنی هەرهەموو کارەکتەرەکانی ناو کایەکانی سیاسەت و ئایین و پەروەردە گومانکردن لە توانای فیکری و ئەخلاقی و دەروونی هەر کامەیان کوفرێکی گەورەیە، پەروەردەی تازە بڕوای بە پیرۆزکردنی هیچ کەسێك نییە، هەموو کەس شیاوی ئەوەیە گومانی لێ بکەتو رەخنەی لێ بگریت گەر پێویستی کرد، بەپیرۆزکردنی کەسەکان و چەمکەکان و شتەکان لە ئایدۆلۆژیایێکەوە دێت کە نوقمە لە دۆگماکان جا چ سەر زەمینی بێت و چ ئاسمانی، بەپیرۆزکردنی دۆخێك و جۆرە رۆحێکی کزۆڵەو شەرمن و ترسنۆك دروستدەکات، لە هەمووی ترسناکتر ئەوەیە کە عەقڵ پەکدەخات و تواناکانی لێکدانەوەو تێڕامان و پرسیارکردن دەکوژێت، دۆگماکان جگە لە بەستەڵەکی ناو عەقڵ هیچی دیکە نین، ئەرکی پەروەردە تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکەو شکاندنی شەختەبەندی ناو فیکرو رۆحە، بەپیرۆزکردن لەتەك ئیفلیجکردنی عەقڵ ناهێڵێت هیچ تام و چێژێك لە ژیان ببینیت و هەموو سەرچاوەکانی ژیاندۆستی

کوێر دەکاتەوە، نیو سەدە پترە پەروەردەی عێراق و کوردستان مرۆڤی غەمگین و مەرگدۆست دروست دەکات، هەر ئەو رۆحە مەرگدۆستەیە کە کانگای هەر هەموو کارەسات و دەریاچەکانی خوێن و فرمێسکە، مەرگدۆستی بەرهەمی مێژووی توندوتیژی و رۆحی تیرۆرە، هەر خودی پانتایی توندوتیژی کێڵگەیەکی بەپیتە بۆ بەرپابوونی مەرگدۆستی کە وایکردووە دەنێو قەسابخانەکانیدا مێژووی خوێن و کوشتارگان کۆتایی نەیەت و لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارەی کوشتن و سەربڕینی مرۆڤەکانی لەهی مەڕو بزنەکان پتربێت، وای دەبینم لەسەرەتای سەدەی بیست و یەك و هەزارەی سێیەمدا ناوی(دەریای سپی ناوەڕاست) بگۆڕێت بە(دەریاری سوری ناوەڕاست) بە حوکمی ئەو هەموو خوێنەی دەرژێتەوە ناو ئەو زەریایە.